
# پرۆگرامی Swift3D بۆ دروستکردنی وێنەی جوولەدار و سێ ڕەهەندی



دیزاینی وێنەی سێ ڕەهەندی لەم سەردەمەدا زۆر بە ئاسانی جێبەجێ دەبێ، گەلێك پرۆگرام هەن کە ئەرکیان دروستکردنی وێنەی سێ ڕەهەندی و جوولەدارە. دروستکردنی کارتۆن بۆ منداڵان، وێنەی تایبەت بە فیلم، دروستکردنی وێنەی سێ ڕەهەندی، بەهۆی پرۆگرامەکانی تایبەت بە سێ ڕەهەندی بە ئاسانی جێبەجێ دەبن، هەرچەندە لەو نێوەدا پرۆگرامی 3D max و مایا لە ڕیزی یەکەمی پرۆگرامەکانی تایبەت بە سێ ڕەهەندین. بەڵام بۆ شارەزابوون بەسەر ئەو پرۆگرامانەدا کاتێکی زۆری دەوێت.

پرۆگرامی swift 3D یەکێکە لەو پرۆگرامانەی کە بە مەبەستی دروستکردنی وێنەی جوولەدار و سێ ڕەهەندی سوودی لێوەردەگیرێ، ئەو پرۆگرامە بەکارهێنانەکەی زۆر ئاسانە و ئەوەندە ئاڵۆز نییە.




# بلۆتوسی چوارەم هاتە بەرهەم

سیستەمی بلوتوس تەکنۆلۆژییەکی گەیاندن و وەرگرتنی وایەرلەیسە کە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری لە نێوان دوو ئامێردا کە هەردووکیان ئەو سیستەمەیان لەسەربێ لەمەودایەکی کورتدا سوودی لێوەردەگیرێ، زۆر لەمێژ نییە کە بلوتوسی نەوەی سێیەم بەرهەمهاتووە کە بە بەراورد بە دوو نەوەی پێش خۆی هەم خێراترە و هەم مەودای گەیاندنەکەشی زیاترە، لەم ماوەیەدا بلوتوسی نەوەی چوارەمیش هاتەبەرهەم. لە نەوەی چوارەمی بلوتوسدا دەتوانرێ تاکو مەودای 60 مەتر زانیارییەکان بگوازرێنەوە.

# بۆ خێرا کردنەوەی کۆمپیوتەر سوود لە Keyboard Tweaker وەربگرە



کیبۆرد یان تەختەی کلیلەکان، سەرەڕای ئەوەی لە دوگمەکان بۆ نووسینی دەق سوودیان لێوەردەگیرێ، دەکرێ بەهۆی ئەو دوگمانەوەش بەئاسانی فەرمانەکانی کۆمپیوتەر جێبەجێ بکرێن، وەك ناردنی ئیمێل، کردنەوەی سایتەکان، کەم و زیادکردنی دەنگ و ...تاد.

بۆ ئەوەی کە فەرمانەکان بە ویستی خۆتان بە دوگمەکانی کیبۆرد بسپێرن پرۆگرامی Keyboard Tweaker بەکاربێنن. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بە سوود وەرگرتن لە تواناکانی ویندۆز و توانای تێکەڵکردنی دوگمەکان، گشت فەرمانەکان بە ویستی خۆت بگۆڕدرێن. بۆ نموونە لەبری ئەوەی ڕێگەیەکی دووردرێژ بڕۆی بۆ کردنەوەی پرۆگرام دەکرێ تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەکی کیبۆرد لەگەڵ یەکێك لە سێ دوگمە سەرەکییەکان واتە Ctrl، shift، alt بەئاسانی پرۆگرامەکە بکەیەوە. کێشی ئەو پرۆگرامە یەکجار کەمە و ناکاتە میگابایتێك بۆ دابەزاندنی پرۆگرامەکە بە خۆڕایی سەر لە سایتی http://tinyurl.com/key-tweaker بدە.




## بەرهەمهێنانی ماوسی خەیاڵی

ماوس شا کلیلی چوونە ناو کۆمپیوتەرە، بەهۆی ماوسەوەیە کە بەکارهێنەری کۆمپیوتەر دەتوانێ سوود لە کۆمپیوتەر وەربگرێ و فەرمانەکان جێبەجێ بکات و پرۆگرامەکان بکاتەوە.

لەم ڕۆژانەدا ماوسێکی خەیاڵی و نادیار هاتۆتە بەرهەم، کە دەکرێ بڵێین نوێترین تەکنۆلۆژییە لە ماوسدا. ئەو تەکنۆلۆژییە کە لەلایەن دامەزراوەی تەکنۆلۆژی ماساچۆست هاتۆتە بەرهەم، تەنیا کامێرایەکە کە تیشکێکی لەیزەری سەرووی سووری هەیە، ئەگینا هیچ چەشنە ماوسێك نابیندرێ، کامێرایەکی سەرووی تیشکی سوور تۆماری جوڵەی دەست دەکات، هەر فەرمانێك کە پێشتر بۆ ماوس بەکارت دەهێنا هەر ئەو فرمانانە لەسەر مێزی کۆمپیوتەر بەکار بێنە، کامێراکە ئەو فرمانانە بۆ کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە.

## هاردی لاوەکی کۆمپیوتەر لەسەرووی 3 ترابایت

هارد واتە شوێنی داکردنی داتاکان، لە ماوەی دەیەکدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەرداهاتووە، ئەگەر تەنیا دەساڵ بۆ دواوە بگەڕێینەوە دەبینین هاردەکانی پێشوو، شوێنی داگرتنیان نەدەگەیشتە یەك گیگاش. کەچی ئەمڕۆکە گەیشتۆتە چەند ترابایتیش. ترابایت واتە 1024 گیگا.

لەم دواییانەدا کۆمپانیای سیگیت، توانیویەتی هارددیسکێکی لاوەکی بەرهەم بێنێ کە 3 ترابایتە. ئەو هاردیسکە لەگەڵ هەردوو جۆری سیستەمی کۆمپیوتەر واتە Mac و ویندۆز دەگونجێت. ئەو هاردە لە هەردوو جۆری سیستەمی USB2 و USB3 سوود وەردەگرێ. ڕەنگە بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە هاردێکی وا بۆ کۆکردنەوەی گشت داتاکانی، فیلم، گەمە، دەق و نووسین و وێنە...تاد بەس بێت.





# مۆنیتۆرێک زیان بە چاو ناگەیەنێت

شاشەی کۆمپیوتەر یان تەلەڤزیۆن بەهۆی ئەوەی کە تیشکدەر و رووناکی بەخشن، زیان بە چاو دەگەیەنن و دەبنە هۆی ماندووبوونی چاو. لەم دواییانەدا کۆمپانیای Asos جۆرە مۆنیتۆرێکی بەرهەمهێناوە کە سەرەڕای ئەوەی سەرنجڕاکێشە، توانایەکی زۆر جیاوازیشی هەیە، تواناکە کە بە Flicker free ناسراوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە پیتەکان بە شێوەیەکی جوانتر نیشان بدرێن، تاکو بەرگری بکات لە ماندووبوونی چاوەکان. سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییەی مۆنیتۆرەکەی ئاسۆس، وزەیەکی زۆر کەمیشی دەوێت.

## ماوسێک بە ١٨ دوگمەوە



ماوس، یا مشکە گرنگترین کلیلی چوونە ناو جیهانی کۆمپیوتەرە، بەبێ ماوس رەنگە نەکرێ وا بەئاسانی سایت و پرۆگرام و فایل و داتاکان بکرێنەوە. هەرچەندە ئێستاکە کۆمپیوتەری لەمسیش هاتوونە بەرهەم، بەڵام هێشتاکە جێگای ماوس ناگرنەوە. تەنیا گرفتێك لە ماوسدا کە هەیە ئەوەیە کە تەنیا دوو دوگمەی لای چەپ و راستی هەیە لەگەڵ، گۆیەك لە ناوەندا کە رەنگە ئەو دوو دوگمانە بۆ بەکارهێنەرێك کە بەردەوام کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکات وەڵامدەرەوە نەبێ. بۆ چارەسەری ئەم گرفتە لەم دوایانە کۆمپانیایەك ماوسێکی بەرهەم هێناوە کە دیزاینەکەی زۆر سەیر و سەرنج راکێشە، ماوسەکە خاوەنی 18 دوگمەیە کە بە ئاسانی سوودی لێوەردەگیرێ.

کۆمپانیای بەرهەمهێنەری ئەم ماوسە پێیوایە بە بەکارهێنانی ماوسی 18 دوگمە دەکرێ زۆربەی فەرمانەکان لە clac، 3dmax، Excel. ...هتد بە ئاسانی بکەیەوە

## چۆنییەتی سڕینەوەی ئیمێڵەکەت لە یاهوودا

زۆر لە ئێمە مانان لەبری ئیمێڵێك چەندین ئیمێلمان هەیە، رەنگە لەسەرەتادا کردنەوەی چەندین ئیمێل شتێکی ئەوتۆ نەبێ، بەڵام دواتر تێدەگەی بوونی چ ئیمێڵی زیانی زۆرترە لە سوودی. بۆ ئەوەی کە ئیمێڵەکەت بەتەواوی لە یاهوودا بسڕیەوە پێویستە ئەو هەنگاوانە بگریە بەر. سەرەتا ئەو لینکە https://edit.yahoo.com/config/delete_user لێبدە، پاشان ئیمێڵ و پاسۆردی ئەو ئیمێڵەی مەبەستە بنووسە. پاشان یاهوو پێت رادەگەیەنێ دڵنیای لەوەی کە دەتهەوێ ئەو ئیمێڵەت بسڕیەوە. ئێوە بەتایب کردنی سەرلەنوێ Passwordەکەی خۆت و داگرتنی فەرمانی yes بۆ هەمیشە ئیمێڵەکەت دەسرێتەوە.


# حەز دەکەی وێنەی منداڵی خۆت ببینی

## سەر لە سایتی http://www.makemebabies.com بدە



دەڵێن ئینتەرنێت جیهانێکە ئەوەی مەبەست بێ تێیدا دەدۆزیەوە، هەندێك لە سایتەکان خزمەتگوزاری جۆراوجۆریان تێدایە و وەك سایتی http://www.makemebabies.com کە بەدوای ئەوەدا لەو سایتەدا ناوی خۆت تۆمار کرد، لە شوێنی مەبەست داوای دابەزاندنی وێنەیەکت لێدەکات، دوای دانانی وێنەکە، فەرمانی next دادەگرێ و پاشان وێنەیەکت نیشان دەدا کە نزیکە لە وێنەی سەردەمی منداڵیت. هەر لەو سایتەدا کۆمەڵێك وێنەی هونەرمەندان هەن کە لە پەنای ئەودا وێنەی منداڵیان دەبیندرێ، کە بەهۆی خزمەتگوزاری ناو سایتەکە بەم جۆرەیان لێهاتووە.

# خزمەتگوزارییەکی نوێ لە گوگڵدا




خزمەتگوزاری دیاریکردنی کاتی رۆژهەڵاتن و ئاوابوونی شوێنی ژیانت یەکێکە لە خزمەتگوزارییەکانی گوگل کە کەم کەس شارەزایی بەسەردا هەیە. دیارە جگە لەو خزمەتگوزارییە گەلێك خزمەتگوزاری دیکە لە گوگل دا هەیە کە کەمتر پێی ئاشنایین، خزمەتگوزاری زانینی کاتی رۆژهەڵاتن و ئاوابوون یەکێکە لەو خزمەتگوزارییانە. تەنیا بە نووسینی فەرمانێکی سادە لە لاپەڕەی سەرەکی گوگلدا بە ئاسانی کاتی دروستی رۆژهەڵاتن و ئاوابوون لە شوێنی ژیانت بزانی، لەلاپەڕەی سەرەکی گوگلدا ئەم دەستەواژەیە بنووسە Sunrise واتە رۆژهەڵاتن و بەدوای ئەو وشەیەدا ناوی ئەو شارە بنووسە کە لێی دەژی، یان هەر شارێکی دیکە لە جیهاندا. گوگل دوای ئەوە کاتی وردی رۆژهەڵاتن و ئەوەی کە چەند کاتژمێر و چەند دەقیقەی ماوە بۆ رۆژهەڵاتن رادەگەیەنێ. هەروەها بۆ زانینی رۆژئاوابوونیش تەنیا دەستەواژەی Sun-set بە دوای ئەودا ناوی شاری مەبەست بنووسە.